www.kurdistannet.org
2-4-2006 21:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

پێش برکێی ئۆتۆمبیل لە مێلبۆرن FORMULA ONE

ئەمڕۆ ڕێکەوتی 2 / 4 / 2006 لە ئوسترالیا و شاری مێلبۆرن پێش برکێی ئۆتۆمۆبیل ئەنجام درا کە هەموو ساڵێك لە سەرەتای مانگی 4 دا ئەم خولە دەکەوێتە ئوسترالیا، ململانی زۆر بەهێزی تێدا بوو لە نێوان شۆفێرەکاندا، واچاوڕوان دەکرا کەوا تیپی فیراری و شۆفێری بەناوناگ (مایکل شومەخا) سەرکەوتن بهێنێ لە پێش برکێیەدا، هەرچەندە شەریکەی فێراری ماوەیەکە گۆڕانکاری تەکنیکی و میکانیکی هێناوە بەسەر ئۆتۆمبلەلانیدا (فیراری) بەڵام وادەردەکەوێت ئەو گۆڕانکاریانە سوودی ئەوتۆی نەبووە بۆ ئۆتۆپیلەکان چونکە لەزۆر خولی (فۆرمیلە وان) دا توشی کێشەی میکانیکی هاتوون و بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانن سەرکەوتن بەدەست نهێنن، زۆر لە ڕووداوەکان بەهۆی خۆپێدان لە گەڵ یەکدا یان دەرچوون لە جادەی پێش برکێکە و یان بەهۆی لەدەستدانی کۆنترۆڵکردنی ئۆتۆمبلەکانیان یان کێشەی گۆڕینی تایەو وەرگرتنی بەنزین بە ماوەیەکی زۆربۆتە هۆی دواکەوتنیان.
یاریزانی بەناوبانگی جیهانی (مایکل شومەخا) نەی توانی بگاتە خەتی کۆتایی یاریەکە هەرچەندە کە زۆر هەوڵیدا بەڵام بێ سوود بوو هەوڵەکانی لەبەر ئەوەی خۆیدا بە ئۆتۆمبلێکی تردا هەردوو ئۆتۆمبلەکە تێکشکان و نەیان توانی بەردەوام بن لە ڕۆشتن، شۆفێری لاویی ئیسپانی فیرناندۆ ئەلۆنسەربە ئۆتۆپیلی (ڕینۆ) توانی بە پلەی یەکەم دەرچێت و بەکەمترین ماوەش پێش برکێکە تەواو بکات،

1 / F . Alonso spa / Renault 1 , 34 , 27
2 / K . Räikklönen Fin / McLarne 1 , 34 , 29
3 / R . Schumacher Ger/ Toyota 1 , 34 , 52

ئامادەکردنی ئەنوەر خەراجیانی
پەیامنێری کوردستان نێت